## ناوەندی پێنی کورد داوا لە مام جەلال و کاک مەسعود دەکات کە بۆ ئازادی ڕۆژنامەوانان هەڵوەێست و پشتوانی خۆیان نیشان بدەن

ناوەندی پێنی کورد لە نامەیەکی فەرمی دا داوای لە سەرۆکی هەرێمی کردستان ڕێزدار مەسعود بارزانی و سەرۆک کۆماری عێراقی فێدراڵ ڕێزدار جەلال تاڵەبانی کرد کە بۆ ئازادی و پاراستنی گیانی ڕۆژنامەوانان عەدنان حەسەن پوور و هیوا بووتیمار هەڵوێست و پشتوانی خۆیان نیشان بدەن.

ناوەندی پێنی کورد لە نامەکەیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەوان وەک ناوەندی پێنی کورد نە تەنییا بۆ هەبوونی ئازادی بییر و ڕامان لە کوردستان دا تێ دەکۆشن بەڵکوو یەکێک لە هەوڵداەنەکانیان پاراستنی گییانی ڕۆژنامەوان و ڕۆناکبیران و خاوەن قەڵەمانی کورد.

شایانی باسە کە ناوەندی پێنی کورد ناوەندێکی سەربەخۆ و ئەدەبییە کە پێکهاتووە لە خاوەن قەڵەمان و ڕۆژنامەوانانی کورد و هەروەها گرێدراوی ناوەندی پێنی ناونەتەوەییە .